ڕۆژی گەل



# هەواڵ هەواڵ

## بزنێکی نێرەموک سەرنجی خەڵک بەلای خۆی ڕادەکێشێ

بزنێکی نێرەموک لە نێو مێگەلی کەسێکی دانیشتووی گوندی ئاکۆیانی سەر بە ڕەواندوز خۆشەویستی زۆری بۆ خاوەنەکەی پەیداکردوە، ئەوەی هەواڵەکە دەپرسێ حەز بەسەیرکردنی دەکات. بەگوێرەی زانیاریەکان ئەم بزنە تەمەنی دوو ساڵەو شاخی نییە، هەڵس و کەوتی لەگەڵ ئاژەڵەکانی تر جیایە، دەنگێکی تایبەتی هەیە، حەز و ئارەزووی جنسیشی زۆرە، بەوهۆیەوە زۆربەی کات ئاژەڵەکانی تر لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە، بەڵام شیری کەمە.خاوەنەی ئەم بزنە بەهۆی جیاوازبوونی خزمەتی زۆری دەکاتم پارێزگاری لێدەکات و هەوڵی زیندوو هێشتنەوەی دەدات .

## بە بیانۆی نۆژەنکردنەوەی مزگەوت پارە لە خەڵک وەردەگیرێ

بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەی مزگەوتێک لەناحیەی سمیلانی دۆلی ڕۆستێ داوای کۆمەک لە خەڵک کراوەو پارە لە وڵاتیان وەرگیراوە. ڕۆژی ٢٠-٤-٢٠٠٧ هەواڵی پارە وەرگرتن بە بەڕێوبەری ناحیەکە دەگات، دوای لێکۆڵینەوە ڕاستی هەواڵەکە ئاشکرادەبێ و دەردەکەوێ کە چەند کەسانێک بەمەبەستی تایبەتی ئەم کارەیان ئەنجامداوە. سەرەنجام لەسەر بڕیاری بەڕێوەبەری ناحیە هەڵمەتی پارە کۆکردنەوە ڕادەگیرێ و داوا دەکرێ کە پارەکە بۆ خەڵکەکە بگێڕنەوە ئەگینا سزا دەرێن، بەڵام تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە بەبیانۆی ئەوەی خەڵکە خێریان کردووە و بەڕەزامەندی خۆیان پارەیان بەخشیەوە تا ئێستا نەگێڕدراوەتەوە .

## دوو فێرخواز بەسەختی بریندار دەبن

ڕۆژی ٢٢-٤-٢٠٠٧ لەئەنجامی پێشبڕکێی سەیارە لەڕێگای نێوان سەرکەپکان - ڕانیە سەیارەیەک خۆی بەدوو فێرخوازی کچ بەناوەکانی (بێخاڵ جەلال) تەمەن چواردە ساڵ و (ژیلان ئەیوب) تەمەن شازدەساڵ دەکێشێ کە فێرخوازی قۆناغی ناوەندین، لە ئاکامدا بەسەختی بریندار دەبن و ڕەوانەی نەخۆشخانەی ڕانیە دەکرێن .ئەوەی شیاوی باسە گوێڕایەڵی نەکردنی ڕێنوێنی و یاساکانی لێخوڕین لەلایەن شۆفێرەکانەوە ڕۆژانە کارەساتی دڵتەزێنی لێدەکەوێتەوە، لەم پێوەندیەدا بەرپرسارێتی لە ئەستۆی پۆلیسی هاتووچۆ دەکەوێ و وادەخوازێ کە وردبینانەترو لێبڕاوانەتر ئەرکی سەرشانی خۆیان بەئەنجام بگەیەنن.

## ژنێک بەچەقۆ بریندار دەکرێ

ڕۆژی ٢٢-٤-٢٠٠٧ لەگەڕەکی قەلاوەی ناحیەی حاجیاوا ژنێک بەناوی (س. ر) تەمەن ٢٧ ساڵ بەهۆی کێشەی کۆمەلایەتی لەلایەن کەسێک بەناوی (ج،ب) کەنزیکی خۆیەتی وەبەر چەقۆ دەدرێ و بەسەختی بریندار دەبێ. لەبەر سەختی برینەکەی بە پەلە ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ.ئەوەی شیاوی باسە بریندارەکە سکالای لەدژی تۆمەتبارەکە تۆمار دەکات و ڕۆژی دواتر دەستگیر دەکرێت.

## فێرگەیەک دە ڕۆژ دادەخرێت

ڕۆژی ٢٤—٢٠٠٧ ٤ لەفێرگەیەکی سەرەتایی گوندی قەمتەرانی دەڤەری بتوێن نەخۆشی درم لەنێو پەنجاو دوو فێرخواز بڵاودەبێتەوە، بەوهۆیەوە داموەزگای تەندروستی و ژینگە پارێزی ڕانیە فریایان دەکەون، بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە تەشەکردنی نەخۆشیەکە بڕیار دەدرێ کە بۆماوەی دە ڕۆژ فێرگەکە دابخرێ.

## ماسیفرۆشێک دەستگیر دەکرێ

ڕۆژی ٢١-٤-٢٠٠٧ پۆلیسی حاجیاوا بە تۆمەتی ئەوەی سەرپێچی ڕێنوێنیەکانی کردووە ماسیفرۆشێکی بەناوی (ع،ج) لەنێو بازار دەستگیر کرد. ماسیفرۆشەکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ماسیەکانی لە ئێرانەوە بۆ هاتووە و مۆڵەتی بەشی ئابووری ئاسایشی هەیە، بەڵام لایەنە پەیوەندیدارەکان دەڵێن لە وەرزی قەدەغەکردندا ڕاوی ماسی کردووە .ئەوەی شیاوی باسە دواتر ماسیفرۆشەکە ئازاد دەکرێ، بەڵام بانگەشەی ئەوە دەکات کە زۆربەی ماسیەکانیان بۆ نەگەڕاندۆتەوە .

## چۆمان: خاوەن زەوییەکان لەشارەوانی نارازین

دوای ئەوەی لیژنەی شارەوانی نەخشەی بنەڕەتی بۆ جیاکردنەوەی زەوی شارەوانی و وڵاتیان ڕاگەیاند کە لەهەر دوولای شەقامی شارۆچکەکە بە پانی ٢٢ مەتر دەبێتە موڵکی شارەوانی، خاوەن زەوییەکانی دڵتەنگ و نیگەران کرد ، بەو هۆیەوە هەمان ڕۆژ سەردانی قائیمامیان کردوو و ناڕەزایی خۆیان پێشانداو یاداشتنامەیەکیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار برزکردوە . ئەوان لە یاداشتنامەکەیاندا داوای چارەسەرکرنی کێشەکانیان دەکەن و خوازیاری ئەوەن بە ویژدانانە قەرەبوویان برکێ

## پیاوێک دزی لەمزگەوت دەکات

شۆرش_ چەمچەماڵ شەوی ٢٠٠٧/٤/٢٤ لەگەڕەکی قادر کەرەمی ناحیەی شۆرش لەمزگەوتێکدا کەتازە خەریکی دروستکردنین، پیاوێک بەناوی (ج) کەخەریکی دزیکردنی چیمەنتۆی مزگەوتەکە بوو دەستگیر کرا، هەر ئەو دزە چەندێن جاری تر چیمەنتۆو شیشی بینای دروستکردنی دزیووە کەدوو تەن چەیمەنتۆ بووە، ئێسات لەلایەن ئاسایش و پۆلیسەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

سەرۆکی حکومەتی هەرێم:

# کەرکوک بەزۆر لێمان زەوتکراوە، دەمانەوێ بە یاسایی وەریبگرینەوە



لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی نێودەوڵەتی لەگەڵ ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامیداوە، بەڕێزیان کوردستانیبوونی شاری کەرکوکیان دووپاتکردۆتەوە، هەروەها سەبارەت بە مادەی ١٤٠ گوتوویەتی: چەندین جار دووپاتمان کردۆتەوە کە کەرکوک شارێکی عێراقی بە ناسنامەیەکی کوردستانیە، چارەسەرێکی بنەڕەتیمان بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشەیە گەڵاڵە کردووە ، کەرکوک بە زۆرەکی و توندوتیژی لێمان زەوتکراوە، ئێمە دەمانەوێ بە ڕێگەی ئاشتیانە و بەشێوەیەکی یاسایی و دەستووری وەری بگرینەوە، بێگومان ئەوەش بەرژەوەندی گشت پێکهاتەکانی ئەو شارە و عێراق دەپارێزێ .

سەبارەت بە دیاردەی گەندەڵی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتوویەتی : گەندەڵی لەنێو حکومەتی هەرێم بوونی هەیە و نکوڵی لێناکەین ، هەروەها گرفتێکی گەورەشە، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا ئیرادەیەکی بەهێزمان هەیە و بەرنامەیەکی تۆکمەمان داناوە بۆ لەناوبردنی دیاردەی گەندەڵی لە نێو ڕیزەکانی خەڵک و حکومەت بۆ ئەوەی ئەو دیاردەیە زیاتر تەشەنە نەکات، دەشمانەوێ ئەو بەرنامەیە تەنها وەک دروشم نەمێنێتەوە بەڵکو پێویستە ڕاشکاوانە بۆ ئەم مەبەستە کار بکرێ. .

# بە گومانەوە لە پروشە دەڕواندرێ

دوای ئەوەی هەفتەنامەی "دەروازە" بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لە سەر نێربازەکانی ڕانیە ڕاگیرا، ئێستا ڕۆژنامەیەکی نوێ بە ناوی پروشە دەردەچێ، دەنگۆی ئەوە هەیە کە دەستەی نووسەرانی پەدەروازە لە پشت دەرچوواندنی پروشە بن و هەمان دەستەی نووسەرانی دەروازەبن، ئەمەش گومان و نیگەرانی لە نێو خەڵکدا پەیدا کردووەو بە گەرمی پێشوازی لێناکرێ، بەڵام بۆ ڕەواندنەوەی تەمی گومان و ڕەتکردنەوەی ئەو دەنگۆیانە خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی پروشە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە خەڵکەکەی دڵنیا کردەوە کە پروشە درێژەپێدەری دەروازە نیەو ناشکرێ بەو چاوەوە سەیری بکرێ

# گەنجێک جامی ئۆتۆمبیلێک دەشکێنێ

مجەمەع فەلاحی_ چەمچەماڵ ڕۆژی هەینی ٢٠٠٧/٤/٢٧ کوڕێک لەبەردەم مزگەوتی گەورەی چەمچەماڵ، خەریکی شکاندنی جامی ئۆتۆمبیلێک بوو لەکاتی نوێژی هەینیدا بەنیازی دزینی چەکێکی کلاشینکۆف کەلەناو سەیارەکەدا بوو، لەوکاتەدا پیاوێک بەوێدا تێدەپەڕێت و دەیبینێ و یەکسەر دەستگیری دەکات و دەیداتە دەست خاوەن ئۆتۆمبیلەکە خاوەن ئۆتۆمبیلەکەش زۆر قسەی ناشرینی پێدەکات و ڕادەستی پۆلیسی دەکات.

# بۆیەکەم جار کۆمپانیای کورد فیلم دەکرێتەوە

ڕۆژی ١٩-٤-٢٠٠٧ کۆمپانیای کورد فیلم لەشاری ڕانیە بۆ بەرهەمهێنانی کاری هونەری وێنەگرتن، کلیپ، فیلم، دۆبلاژ، مۆنتاژ، سیناریۆ و دەرهێنانی هونەری لەکوردستان کرایەوە. کاک جەمال پور کەرەم دەرهێنەری کۆمپانیاکە لە بنەڕەتدا لە دایکبووی ڕۆژهەلاتی کوردستانە و ئێستا دانیشووتی ڕانیەیە. ئەوەی شیاوی باسە دوو ساڵ لەمەوبەر ناوبراو بیرۆکەکەی دانابوو. بەڵام لەبەر نەبوونی بەئەنجامی نەگەیاندبوو.

# فێستیڤالی فیلمی کوردی لە پاریس بەڕێوەدەچێ




بڕیار وایە لەنێوان ڕۆژانی 23 تا 2007-10-30 لە شاری پاریسی پێتەختی وڵاتی فەرەنسادا یەکەنین ڤێستڤاڵی فیلمی کوردی بەڕێوەبچێ .
بەگوێرەی هەواڵەکان ئەم ڤیستیڤاڵە بە هەوڵ و تێکۆشانی یەکێتی هونەرمەند و نووسەرانی سیناریۆو بەبەشداری کۆمەڵێک دەرهێنەرو ئەکتەری ناودار بەڕێوەدەچێ. هەریەک لە دەرهێنەران بەهمەن قوبادی، هونەر سەلیم، ئەحمەد زیرەک ، مەنسوور تۆراڵ، کازم ئۆزۆ، بێریڤان بنەوش، جەلال جوانرۆیی، مانۆ خەلیل، نیزامەدین ئاریچ و ژمارەیەکی دیکە لە دەرهێنەران بەشداری تێدا دەکەن .
ئەوەی شیاوی باسە ساڵی 2006 بە هەوڵ و کۆششی ژمارەیەک هۆنەرمەندی ناسرا یەکێتی هونەرمەندان و نووسەرانی سیناریۆ لە شاری پاریس دامەزراوە.

# لەسەرچنار تەقە لەئامر لیوایەکی هێزی پێشمەرگە دەکرێت

پێشنیوەڕۆی دوێنێ لەگەڕەکی سەرچناری سلێمانی تەقە لەخلیل سەرکانی پێشمەرگەو کادیری دێرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرا. سەرچاوەیەک لەپۆلیسی سلێمانی کەنەیوسیت ناوی خۆی ئاشکرا بکات بەئاوێنەی ڕاگەیاند کە چەند کەسێک بەسایارەیەکی جۆری بی ئێمی ڕەش تەقەیان لە ناوبراو کردووەو حەڤدە فیشەک بەرئۆتۆمبیلەکەی کەتووە کەلەنێویاندا دوو فیشە بەرجەستەی کەوتووە، بەڵام وەزعی باشەو مەترسی مردنی لێناکرێت. ناڤراو ئێستا لەنەخۆشخانەی تەواری سلێمانییە.تائێستا ئەنجامدەرانی ئەم کارە ئاشکرا نین و لێکۆڵینەوە بەردەوامە

هەولێر:

# هێرش دەکرێتە سەر یەزیدیەکانی هوتێل مێرگەسۆر

ڕۆژی 2007-4-27 دوای تەواوبوونی نوێژی هەینی ژمارەیەک کەس کە نازانرێ لە لایەن کێوە هاندرابوون بەمەبەستی لێدان و ئازاردانی یەزیدیەکان هێرشیان کردە سەر هوتێل مێرگەسۆر.

زانیاریەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پەنجا کوردی یەزیدی لەوانەی بەمەبەستی کرێکاری ڕوویان لە شاری هەولێر کردووە لە هوتێل مێرگەسۆر دابەزیبوون، بەڵام ژمارەیەک کەس هەڵیانکوتایە سەر هوتێلەکەو ویستیان یەزیدیەکان دارکاری بکەن، بەوهۆیەوە خاوەنی هوتێلەکە دەرگەی داخست و هێزەکانی ئاسایشی ئاگادار کردەوە، ئەوانیش بەپەلە گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکەو خەڵکەکەیان بڵاوە پێکرد.

هەواڵەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دوای ڕووداوەکە ژمارەیەک کرێکاری یەزیدی شاری هەولێریان جێهێشتووەو بەرەو ماڵەکانی خۆیان گەڕاونەتەوە.

ئەوەی شیاوی باسە ڕۆژی 2007-4-26 لە گەڕەکی تەعجیلی شاری هەولێر چەند گەنجێک ڕێگەیان لە سێ کرێکاری یەزیدی گرتبوو، شەڕیان پێفرۆشتبوون و پێیانگوتبوون کە دەبێ شاری هەولێر چۆل بکەن دەنا دەکوژرێن، هەروەها ڕۆژی 22-4-2007 تیرۆریستان بیست و سێ کوردی یەزیدیان لە سەر ڕێگەی موسڵ – بەعشیقە کوشتبوو کە لە کرێکاری دەگەڕانەوە.

# هەواڵی سەیر

* حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی پار بڕیارێکی دەرکرد کە هەر فەرمانبەرێک ئەگەر خزمەتی سەربازی و جاشایەتی هەیە بۆی هەیە بیخاتە سەر خزمەتی فەرمانبەرێتیەکەی و مووچەکەی پێ زیادبکات. خەڵکێکی زۆر سوودمەند بوون لەوبڕیارە. تازەترین کەس مامۆسیایەکە لە (پەروەدەی چەمچەماڵ) کە هەتا ساڵی ١٩٩٩ سەربازی ڕژێمی بەعس بووەو ئێستا یەک ساڵە دامەزراوە، بەڵام هەموو خزمەتەکانی پێشووی بۆ خرایە سەر ئەو ساڵەو ئێستا خاوەنی خزمەتێکی بەرچاوە!!

* ڕۆژی٢٢-٤-٢٠٠٧ لەگەراجی چەمچەماڵ - کەرکوک ئۆتۆمبیلێک لەبەردەم تاکسی گەراجەکە ڕاگیرابوو ڕێگای نەئەدا کەس دەرچێ. بانگەوازییان کرد ئەو ئۆتۆمبیلە لابەرن ڕێگای گرتووە. کەچی شۆفێرەکەی پێی ناخۆشبوو، تووڕەبوو، یەکسەر تفەنگی دەرهێنا جوێنی بە کابرای سەندیکادا و گوتی: تۆ نازانی من کارمەندی ئاسایشم ، ئیدی بانگەوازی چیتە؟! خەڵکەکە وتیان کاکە ئاسایش بۆ ئەمەیە یان بۆ پارێزگاری لەخەڵک !!

* چەند برایەکی دەوڵەمەندی چەمچەماڵ هەر جار ناجارێ دەبێتە شەڕیان و بەتەقە شارەکە دەشڵەژێنن. ڕۆژی ٢٣-٤-٢٠٠٧ دوای بانگی عەسر دیسانەوە دەستیان کرد بەشەڕو تەقەکردن، پۆلیس یەکێکیانی بۆ پۆلیسخانە برد، خەڵکێکی زۆر کۆببونەوە دەیان گوت: ئێوە بێ دەسەڵاتن و تەنیا بۆگیان فەقیرو هەژار ئازان، بۆ چارەسەرێکی ئەم وەزعە ناکەن ئەمە حاڵە شارێک بووەتە پەن بەدەست ئەمانەوە !

* نەخۆشخانەی گشتی چەمچەماڵ دوای نێوەڕوان کلینکە ڕاوێژکارییەکانی دەخاتە گەر بۆ دکتۆرەکان و بەڕاستیش خزمەتێکی زۆرباش ئەکەن، بەڵام ئەوەی کە خەڵکەکەی نیگەرانکردووە دووشتە، یەکەمیان تاقیکردنەوەکانی خوێن و شتەکانی دیکەیە دووەمیان دەرمانخانەکەیە کە نرخی دەرمان تیایدا گرانترە لەبازار. ڕۆژی ٢٥-٤-٢٠٠٧ وڵاتی (ن.ح) دوای ئەوەی دکتۆری پێست دەرمانی گیراوەی بۆ دەنووسێ، لەدەرمانخانەکە پێی دەڵێن ئەم دەرمانە تەنها لای ئەمان هەیەو نرخەکەی نۆ هەزار دینارە، ئەمیش نایکرێ کەدەچێتە بازار، لەدەرمانخانەکەی کاک دارا بەنیوەی ئەو نرخە دەیکرێ و دەگەڕێتەوە لەبەرچاوی خەڵکەکە ئەو ڕاستییە بەدەرمان فرۆشی ناو نەخۆشخانەکە دەڵێ.

* لەسەر بڕیاری پەروەردەی چەمچەماڵ ڕۆژی ٢٥-٢٠٠٧/٤/٢٦ ڤیستیڤاڵی هونەری شێوەکاری و شانۆو ڕەوانبێژی بۆ سەرجەم فێرگەکانی ئەو سنورە کرایەوە. بۆ ئەو مەبەستەش بودجەیەکی باش و لەبەرچاویان بۆ تەرخان کردە کەزۆر کەس دەزانێ چەندە. هەرچەندە ڤیستیڤاڵەکە کرا بەڵام کۆمەڵی کەم و کوڕی گلەیی تیابوو لەوانەش، بەشداری نەکردنی زۆربەی فێرگەکان بەهۆی ئەوەی کەساڵانی ڕابردوو نایەکسانی هەبووە لەهەڵسەنگاندن و دابەشکردنی خەڵاتەکان کە ئەمساڵیش هەروابوو. هەروەها نارێکی و بێ سەرەوبەرەیی و ڕەچاونەکردنی وەزعی ئەمنی لە ڕۆژی پێشکەشکردنی شانۆکاندا وای کردنوو لیژنەکان لەدەرەوە بوون هەڵەکەش ثربوو لەخەڵکی بازارو هەندێ گەنجی لاسار. جگە لەوەش مەسەلەی خەرجکردنی ئەوە بڕە پارەیەی کە بۆ ڤیستیڤاڵەکە تەرخانکرابوو قسەی زۆری لەسەرە. بەکورتی ئەمساڵیش سود لەئەزموونەکانی ساڵانی پێشوو نەبینرا.